# دوای دەساڵ دابڕان


هەڵوەدا

pishdari@hotmail.com


26-2-2006

- نیشتیمانەکەم

زۆر بیرت دەکەم

هەرچەند دەمێکە

دوورکەوتوومەوە

بەڵام هیچکاتێ

لەبیرت ناکەم

- خۆشەویستی من،

تۆگیانی منی

تۆ تاکەڕووگەی

ژییانی منی

تۆباخی ژین و

گوڵزاری منی

تۆبیرەوەری و

دڵداری منی

تۆ بزەی لێوو

گریانی منی

تۆ دڵنەوازی و

خەمخواری منی

- خۆزگە ئەتزانی

چەند پەرێشانم

چەند بێ هاوڕازو

بێبەش لەژیانم

مەگەر یادی تۆ

بێت بەهاوزمانم

ئەگینا دەمرم

بەڵات لەگیانم